محەمەد سەلاح لە لێواری ئەوەدایە ببێتە زۆرترین گۆڵکاری میسری ئەگەر ئەمڕۆ گۆڵ بکات

محەمەد سەلاح لە لێواری ئەوەدایە ببێتە زۆرترین گۆڵکاری میسری ئەگەر گۆڵ بۆ لیڤەرپوڵ بکات بەرامبەر برێنتفۆرد لە یاریگای ئەنفیڵد ئەمڕۆ شەممە.

سەلاح لە ماوەی ژیانیدا لەگەڵ یانەکان و هەڵبژاردەی میسردا 313 گۆڵی تۆمارکردووە، دوای ئەوەی ڕۆژی چوارشەممە لە لێدانی سزاوە 1_0 سەرکەوتنی لیڤەرپوڵی بەسەر فوڵهام تۆمارکرد، و ئێستاش ژمارەی گۆڵەکانی هاوتای لەگەڵ کاپتنی پێشووی میسر حوسام حەسەن.

سەلاح لە ساڵی 2017ەوە تا ئێستا 185 گۆڵی بۆ لیڤەرپوڵ تۆمارکردووە و پێویستی بە یەک گۆڵ هەیە بۆ ئەوەی ڕیکۆردی ئەستێرەی پێشووی لیڤەرپول ستیڤن جێرارد یەکسان بکات.

جگە لە گۆڵەکانی سەلاح لەگەڵ لیڤەرپوڵ، ئەو 34 گۆڵی لەگەڵ ڕۆما تۆمارکردووە، نۆ گۆڵ لەگەڵ فیۆرینتێنا ئیتالی، دوو گۆڵ لەگەڵ چێڵسی و 20 گۆڵ لەگەڵ بازل، بە بەراورد بە 12 گۆڵ لەگەڵ یانەی یەکەمی "موقاولون ئەلعەرەب"، هەروەها 51 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی میسر تۆمارکردووە.